## مانەوەی دکتۆر کەمال لەزینداندا، نیشانەی ترسی دەسەڵاتە! ... گەلاوێژ سەیید قادر - ئاواز سەیید قادر

پتر لەچوار مانگە برای ئێمە د. کەمال سەیید قادر لەلایەن هێزەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە رفێنراوە بەبێ هیچ داوایەکی پێشوەخت لە دادگاوە، بە بۆچوونی پسپۆرانی یاسایی، رفاندن بۆ خۆی تاوانە لەیاسای وڵاتە پێشکەوتووخوازەکان و یاسای نێودەوڵەتییدا. دواتریش لە شانۆگەرییەکی پەلەکرۆزێدا دادوەرێکی ملکەچی دەسەڵات، 30 ساڵ د. کەمالی بەرەو بەندیخانە رەتاند.
ئێستا پاش چەندین بەڵێن لەسەر زاری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم – ئیدارەی هەولێرەوە کە د. کەمال بەزووترین کات ئازاد دەکرێ، تا ئێستا دەبووایە د. کەمال ئازاد بکرایەو ئەو دۆسیەیە لەسەر د. کەمال دابخرایە. کەچیی بەداخەوە سیاسەتیی دەستیی بەد. کەمال بەردەوامە و دادگاییکردنەکەی هەرجارەو بەبیانوویەک دوا دەخەن.
لە چوار مانگی رابردوودا، د. کەمال چوار جار بەفەرمیی مانی لەخواردن گرتووە و ئەمجارەش واتە لە رۆژی دووشەممەوە 28-02-2006، بۆ جاری پێنجەم دەستی بەمانگرتن کردووەتەوە. ئێمە بەتەواوی گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە راستەوخۆ بڕیارێکی سیاسیی لە بەرزترین ئاستدا لەپشت گلدانەوەی هەرچیی زێتری د. کەمال لەزینداندایە. د. کەمال پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستان ساغ و تەندروست باش بووە، ئەم هەموو نەخۆشییەی کە ئێستا لە زینداندا بەدەستییەوە دەناڵێنێ و تووشبوونی بەڤایرۆسێکی کووشندە، گومانی ئەوەمان لەلا زێتر دەکات، کە د. کەمال ژاراویی کرابێت و یەکێک لەپاڵنەرە سەرەکییەکانی دواخستنی دادگایی د. کەمال ئەوەیە کە نیشانەکانی ئەم ژارەی لەسەر لابچێت لەکاتی ئازادکردنییدا.
هەموو گەلی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە، ئەگەر د. کەمال بەشێواز و کولتووری بەعس، بەتۆبزیی بهێنرایەتە سەر تەلەفزیۆنی دەسەڵات و پاکانەی بکردایە و پەشیمان ببوایەتەوە لە رەخنەکانی، ئێستا دەمێک بوو ئازاد کرابوو. لەکاتێکدا د. کەمال پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستان و دواتریش لە چەندین کەناڵەوە رایگەیاندووە و داوای لێبوردنی لەهەموو ئەو کەسانە کردووە کە وشەی رەق و زبرو نەشیاوی دژیان بەکارهێناوە، بەڵام لەیەک رەخنەی سیاسیی لە گەندەڵییەکانی دەسەڵات پەشیمان نییەو نەبووە. پێدەچێت دەسەڵات و ئەو لۆبییەی بە شێوازی سەردەمی بەعس لەپشت رفاندن و بێسەروشوێنکردن و دادگاییکردنی د. کەمالەوە بوون، دەستبەرداری رق و کینەو تۆڵەئەستاندنەوە نەبن و بیانەوێ بەتەواویی د. کەمال لەرووی مەعنەوییەوە تێرۆر بکەن، ئەگەر لەرووی فیزیکییشەوە ئەم کارەیان لە ئێستادا پێنەکرێت.
ئێمە وەک خووشکانی د. کەمال، جارێکی تر دەستی یارمەتیی بۆ ئێوەی نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەوانان و کەسایەتییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و ئازادییخوازانی ویژدان زیندوو درێژ دەکەینەوە کە بەداخەوە پارتیی دیموکراتی کوردستان زۆر بەقورسیی مەسەلەی د. کەمالی گرتووەو بەئاسانیی ئازادیی ناکات. جارێکی تر داواتان لێدەکەینەوە، دەنگ هەڵبڕن وەک ئەو ئازادییخوازانەی تاراوگە لەکەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمالدا کار بۆ ئازادیی د. کەمال دەکەن، مەهێڵن دەسەڵاتی سیاسیی ئەو سەدان هەزار دەنگەی داوای ئازادکردنی د. کەمال سەیید قادر دەکەن بخاتە کەنارەوە و بە بیری رژێمە

تۆتالیتارییەکان بیرکردنەوەی خۆی بسەپێنێ و چۆنی بوێت ئاوا لەگەڵ د. کەمالدا مامەڵە بکات. داواتان لێدەکەین رۆژی پێنجشەممە 9-3-2006 بچنە ناو ژووری دادگاکەوەو مەهێڵن دادگاکەی داخراو بێت و داوای ئازادیی بێ بەندو مەرجی بۆبکەن. بەهەر شێوەیەکی شارستانییانە بۆتان دەکرێ ئەم دادگاییکردنە سەرکۆنە بکەن و فریای ژیانی د. کەمال بکەون و داوای ئازادیی بیروڕادەربڕین بکەن.

د. کەمال تاوانی نەکردووە، هەموو تاوانی د. کەمال ئەوەیە کە وشەی خستووەتە سەر کاغەز، دەسەڵات دەیان هەزار قەڵەمی دەستەمۆ و پارەیەکی بێ ئەژمار و دەیان دەزگای راگەیاندنی هەیە، با هەوڵی بدایە بەدرۆی بخاتەوە. ئەم شێوە مامەڵەکردنەی دەسەڵات لەگەڵ د. کەمالدا نیشانەی ترسێکی گەورەیە، لەکاتێکدا شاری هەولێر تژییە لە دەیان هەزار کۆنە بەعسیی و سەرۆک جاش و پیاوانی موخابەرات و بکوژانی رۆڵەکانی گەلی کورد، هەر هەموویان ئازادن و زۆربەشیان لەباڵاترین پۆستدا کار دەکەن، بەداخەوە د. کەمالیش لەزیندان تووند توند کراوەو بۆ ئازادکردنیشی دەستیی دەستیی پێدەکەن. سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت چیتر وەک سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستان هەڵسوکەوت نەکات، ئەو ئێستا سەرۆکی هەموو هەرێمی کوردستانەو دەبێت بیرکردنەوەی حیزبیی و ئایدۆلۆژیی خۆی و بنەماڵەکەیان بخاتە لاوەو بەرژەوەندیی گشتی گەلی کوردستان بخاتە سەر هەموو شتێکەوە، لەم سۆنگەیەشەوە د. کەمال هاوڵاتییەکی کوردە و نابێت چیتر رێگە بدات ئەم سووکایەتییە بە د. کەمال قبووڵ بکات و راستەوخۆ ئێمە، ئەو و پدک و حکومەتی هەرێمی کوردستان –ئیدارەی هەولێر و پاراستنی پارتیی لە گیان و ئازادیی د. کەمال بەرپرسیار دەکەین.

هەروەها لێرەشەوە لەرێگەی سایتە کوردییەکانەوە، داوا لە ئازادییخوازان و رۆشنبیران دەکەین، بەشدارییکردنتان لە خۆپیشاندانی رۆژی هەینی 3-3-2006 لە شاری کۆڵن، نۆیمارکت کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ، لەبەردەم کۆنسڵێتی ئەمێریکادا، نیشانەی بەتەنگەوە بوونتانە بۆ چەمکی ئازادیی بیروڕادەربڕین و ئازادی سیاسیی لەکوردستاندا. هاتنتان لەشارەکانی تر ئاڵمانیاو لەوڵاتانی دەوروبەری ئاڵمانیاوە جێگەی دڵخۆشیی ئێمەو هەموو ئازادییخوازان دەبێت. ئەم خۆپیشاندانە کۆمەڵێک ئازادییخواز پێی هەڵدەستن، هیچ ئەجێندایەکی تایبەتیی پێوەند بەهیچ حیزبێکی سیاسیی لەپشتەوە نییەو داوا دەکەین لایەنگران و ئەندامانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بەشدار بن و بەشێوازێکی هێمنانەو سیاسییانە داوا لە کۆنسۆلی ئەمێریکا بکەن، کە حکومەتی ئەمێریکا هەرچی زێتر گوشار بۆ ئازادیی د. کەمال لەسەر پارتیی دابنێت.

گەلاوێژ سەیید قادر
ئاواز سەیید قادر
2006-3-1